خوای گەورە بەشەرم وبەخشندەیە، وشەرم دەکات ئەگەر بەندەیەک دەستی پاڕانەوەی بۆ لا بەرز بکاتەوە؛ بە بەتاڵی دەستی بگێڕێتەوە

لە سەلمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە بەشەرم وبەخشندەیە، وشەرم دەکات ئەگەر بەندەیەک دەستی پاڕانەوەی بۆ لا بەرز بکاتەوە؛ بە بەتاڵی دەستی بگێڕێتەوە».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانمان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی دەستەکان لەکاتی نزا کردندا، وپێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- (زۆر بەشەرمە)، وناوەستێت لە بەخشین، وئەوەی بەندە پێی خۆش بێت؛ بۆی جێبەجێی دەکات، وئەوەی زیانی پێبگەیەنێت؛ دووری دەخاتەوە لێی، خودا (بەخشندەیە) دەبەخشێت بەبێ داوا کردن؛ ئەی سەبارەت بە ئەوەی داوا دەکات! شەرم دەکات لە بەندەی ئیمانداری بەوەی دەستەکانی بگێڕێتەوە بە بەتاڵی وغەمبارییەوە لەئاست وەڵامدانەوە؛ پاش ئەوەی دەستەکانی بەرز کردەوە بۆ نزا وپاڕانەوە وداوا کردن لە پەروەردگاری.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5499